# ئایا ئێوە سەرکەوتن وڕزقتان پێدەبەخشرێت مەگەر بەهۆی لاوازەکانتانەوە نەبێت؟

سەعد پێی وابوو کە فەزڵی هەیە بەسەر ئەوانەی لە خوار خۆیەوەن، بۆیە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «ئایا ئێوە سەرکەوتن وڕزقتان پێدەبەخشرێت مەگەر بەهۆی لاوازەکانتانەوە نەبێت؟». لە ئەبی دەردائەوە (عوەیمیرەوە) -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «لاوازەکانتان بهێنن، ئێوە سەرکەوتن وڕزقتان پێدەبەخشرێت تەنها بەهۆی لاوازەکانتانەوە».

[صەحیحە] [بوخاری گێڕاویەتیەوە - تورموذی گێڕاویەتیەوە - نەسائی گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

ئەم دوو فەرموودەیە بەڵگەی ئەوەن کە لاوازەکان هۆکارن بۆ سەرکەوتن وڕزق هێنان لە نێو ئومەتدا، بۆیە ئەگەر مرۆڤ بەسۆز بێت بەرامبەریان وپێیان ببەخشێت لەوەی خودا پێی بەخشیووە؛ ئەوا ئەمە هۆکارە بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتن بە سەر دوژمنەکان وهۆکاریشە بۆ بەدەستهێنانی ڕزق وڕۆزی چونکە خوای گەورە فەرموویەتی ئەگەر مرۆڤ لە پێناوی خوا ببەخشێت ئەوا خوای گەورە لە جێی ئەو بەخشینەی پێی دەبەخشێت، خوای گەورە دەفەرموێت: {وَمَآ أَنفَقۡتُم مِّن شَيۡءٖ فَهُوَ يُخۡلِفُهُۥ وَهُوَ خَيۡرُ ٱلرَّٰزِقِينَ} [سبأ: 39] واتە: {هەرشتێک ببەخشن (لەپێناو خوادا) ئەوە خوا جێگەی پڕدەکاتەوە وە ئەو (خوا) چاکترینی ڕۆزیدەرانە}.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3367

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC
E-Da'wah Committee